ئاوی ئەم گوڵانە ئەدەی (جریوەکان, ١٦٨)

لەبەرئەوەی شاعیر ((بە پیشە مامۆستا بووە, بۆیە ئەو شیعرانەی بۆ منداڵانی نووسیون ئەوە دەردەخەن کە لە دونیا و سروشتی منداڵانەوە زۆر نێزیکە)) (ڕەشاد, ٢٠٢٣, ٩٥) هەروەها ئەوە وای کردووە باشتر پەیامی پەروەردەیی و فێرکاری بە منداڵان بگەیەنێت.

٧_ هاندان منداڵ بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕەفتاری نەشیاو و ئەنجامدانی کاری چاک: بەشێکی شیعرەکانی شاعیر بریتییە لە چیرۆکە شیعر و لە ڕێگەی کەسایەتییەکی منداڵ بەناوی (سەلکە) کۆمەڵێک پەیامی پەروەردەیی بە منداڵان گەیاندووە, یەکێک لەوانە باسی ئەوە دەکات ناوبراو هەمیشە خەریکی ئاگرکردنەوە بووە و بە هۆی ئەوەوە ماڵیان ئاگر دەگرێت و خۆشی لەشی دەسوتێت لە ئەنجامی ئەوەوە:

سەلکە برینی ئەو لەش سووتانە

ساڵێ هێشتیەوە لە خەستەخانە

ئەو ساڵە قوتابخانەی لە کیس چوو

هاوەڵەکانی چوونە پۆلی دوو (جریوەکان, ١٨٦)

بەم جۆرە شاعیر پەیامێکی پەروەردەیی بە منداڵان دەگەیەنێت و ئەنجامی ئاگرکردنەوە بۆ منداڵان دەخاتە ڕوو.

مجلة لاراك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

چاکەکردن پەیامێکی دیکەی پەروەردەییە و شاعیر منداڵ لەسەر چاکەکردن ڕادەهێنێت و دەڵێت:

چاکەی خۆت بکە و بیدە بە ئاوا

ڕۆژی نالەبار زوو ئەبێ ئاوا

بچووک ئەتوانێ گەورە سزا دا

لە ڕێگای ڕاست و بیری ئازادا (جریوەکان, ١٩٧)

شاعیر ئەم پەیامەی پەروەردەییەی لە فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە و منداڵان هەڵدەنێت بۆ چاکەکردن.

تەوەری سێیەم: پەیامە فێرکارییەکانی دیوانی جریوەکان

پەیامی فێرکاری یەکێکە لە پەیامە گرنگەکانی ئەدەب و شیعری منداڵان. شیعر و بابەتی فێرکاری پەیوەندییەکی دێرینیان بەیەکەوە هەیە, تا ئەو ئاستەی فێرکاری یەکێکە لەو ناوەڕۆک و مەبەستە شیعرییانەی, کە لە یۆنانی کۆندا بایەخی پێ دراوە و یەکێکە کۆنترین جۆرەکانی شیعر. شیعری فێرکاری واتە ئەو شیعرەی شاعیر تێیدا باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی چالاکییەک بکات, یان

چێشتەکە نارژێنم

کەوچکەکەم پڕ ناکەم

سنگ و بەرۆک تەڕ ناکەم

کاتێ پاروو ئەگلێنم

دوو لێوم ئەنوقێنم

پارووی بچووک قووت ئەدەم

ئینجا پارووی تر ئەکەم   (جریوەکان, ٥٠)

شاعیر دەیەوێت منداڵ فێر بکات چۆن بەدروستی و جوانی و ڕیکوپێکی نان بخوات.

شاعیر لە دوو شیعردا دیکە بەناوی (میکانۆ)دا باسی ئەو یارییە دەکات و لە یەکەمیاندا دەڵێت:

میکانۆیە میکانۆیە

یارییەکی نفت و نۆیە

دەستەی میکانۆی ئەم جارە

بۆ دەرهێنانی گیاندارە   (جریوەکان, ١٠٤)

هەروەها لە شیعری دووەمدا دەڵێت:

میکانۆیە میکانۆیە

فرمانێکی نفت و نۆیە

ئیستا گەرمەی ئیش و کارە

ناشی دیارە, وەستا دیارە

پارچە دانێ, پارچە بێنە

خانووی جوانم بۆ دەرهێنە   (جریوەکان, ١٠٥)

شاعیر یاریی میکانۆی بە یارییەکی گرنگ داناوەوئەم شیعرە پەیامی فێرکاری تێدایە بۆ ئەوەی منداڵ پارچەکانی ئەو یارییە لە یەک بدات و کەرەستە و کەلوپەلی پێ دروست بکات.

ئەنجام

١_ شاعیر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بایەخی بەرچاوی بە شیعرەکانی داوە و پەیامی پەروەردەیی و فێرکاری لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

